حەشدی شەعبی ڕەتیکردەوە دەستی بووبێت لە هێرشەکەی سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر

فەرماندەیەکی باڵای حەشدی شەعبی ڕایگەیاند کە بە دەستنیشانکردنی ئەو گرووپەی هێرشی کردووە نابێت پشت بە "تۆمەتبارکردن" ببەسترێت، بەڵکوو دەبێت پشت بە "زانیاری وردی دامەزراوە فەرمییەکان" ببەسترێت.

سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی حەشدی شەعبی بە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر، محەمەد مەهدی بەیاتی، فەرماندەی گشتی میحوەری باکوری عێراقی حەشدی شەعبی، ڕایگەیاند: "تۆمەتبارکردنی حەشدی شەعبی لەڕووی یاساییەوە بە گرنگ سەیر ناکرێت، هەر لایەنێک حەشدی تورکمانی تۆمەتباردەکات بە ئەنجامدانی هێرشەکەی سەر کۆرمۆر با یەک بەڵگە بخاتەڕوو، تا لێپێچینەوە ئەنجام بدرێت.